# بە کاک موحسن جوامێر دەڵێین نێرە ئەو دەڵێت: بیدۆشە ... کاوە کوردستانی

haladni@yahoo. se

سووربوونی کاک موحسن جوامیر لە سەر ئەوەی (زاراوەی سۆرانی) بە زمانی ڕەسمی کوردی لە قەڵەم بدات، نموونەیەکی تەواوی کەسایەتی کوردە، نەك لای کوردەکان بەڵام لای دۆژمنانی کورد. عەرەبەکان و نەتەوەکانی تر دەڵێن: کورد کەللە ڕەقن و کاتێك قسەیەك دەکەن ناگۆڕن. دیارە مامۆستای بەڕێزمان کاك موحسن جوامێر ئەو گوتەیەی عەرەبەکان لەسەر تەتبیق دەبێت بە هەموو ماناکەیەوە. ئەوە چەند ڕۆژێکە ئەو موحسن جوامێرە ڕەخنەو هێرش دەکاتە سەر هەندێ کەس کە دەڵێن دەبێ گرنگی بە زاراوەکانی تری کوردی بدرێت لە کوردستان. ئەو برادەرە دەستی کردوە بە تەقەکردن لە خەڵك وەك بڵێی زاراوەی کرمانجی و هەورامانی دایکی یان باوکی ئەو موحسنەیان کوشتووە.

دەموێت ئەوە بە کاك موحسن بڵێم. بەڕێزم ئەوانەی باسی زاراوەی سۆرانی دەکەن دژی ئەو زاراوەیە نیین بەڵکو تەنیا ئەوە دەڵێن زاروەی سۆرانی زمانی یەکگرتووی کوردی نییە، هەروەها زاراوەی سۆرانی زمانی ڕەسمی کوردستانیش نییە. چونکە زمانی کوردی زمانی ڕەسمییە لە کوردستان نەك زاراوەی سۆرانی. زمانی کوردیش لە کۆمەڵێ زاراوە پێك هاتووە بۆیە ئەو هەموو زاراوانە ڕەسمین تاوەکوو ئەو کاتەی زمانی یەکگرتووی کوردی دروست دەبێت.

هەروەها بە مامۆستا دەڵێم: جەنابت باسی باشووری کوردستان دەکەیت و دەڵێیت زاراوەی سۆرانی زمانی ڕەسمییە لە باشووری کوردستان. وەك بڵێی کوردستان تەنیا لە باشووری کوردستان پێك هاتووە. ئەوەش هەڵەیەکی تری گەورەیە.

هەروەها بە مامۆستا دەڵێم: ئەگەر بتەوێت بەو قسانە بەناوبانگ بێت ئەوە ڕێگایەکی باش نییە. پێویستە نەختێ بیر لە قسەی خەڵکانی تریش بکەیتەوە.

هەروەها بە مامۆستا دەڵێم: ئەگەر جەنابت باسی عەرەبەکان بکەیت کە دەیانەوێت زمانی عەرەبی پەتی فێربن، ئەوە حەقیانە چونکە ئەو زمانی یەکگرتووی ئەوانە، هەر کاتێك لە کوردستانیش زمانی یەکگرتوو دروست بوو ئەو کاتە پێویستە کوردیش منالانی خۆیان فێرە ئەو زمانە بکەن وەك زمانی خوێندن، بەلام ئەو زمانە زاراوەی سۆرانی نییە.

هەروەها بە مامۆستا دەڵێم: بەڕێزم زاراوەی سۆرانی زمانی ڕەسمی نییە لە کوردستان، ئەوە زمانی کوردییە بە هەموو زاراوەکانییەوە زمانی ڕەسمی. پۆیە واز لەوە بێنە زاراوەی سۆرانی بە زمانی ڕەسمی لە قەڵەم بدەیت. ئەگەر حالّی بۆیت ئەوە باشە، ئەگەر ناش ئەوە هەر بیدۆشە بەلام شێرت بە دەست نایەت چونکە نێرە... بەڕێزم نێێێێرە و شێری نییە.... بە واتای زاراوەی سۆرانی زمانی ڕەسمی کوردی نییە و زمانی یەکگرتووی کوریش نییە... چونکە لە هیچ برگەیەکی دەستووری عێراق یان هی هەرێمی کوردستان باسی ئەوە نەکراوە کە زاراوەی سۆرانی زمانی ڕەسمییە لە باشووری کوردستان ئەگەر کراش ئەوە دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی براکوژی لە نێوان سۆران و بادینان و ئەگەر بتەوێت ببیتە ئەو کەسەی ئەو شەڕە هەڵبگیرسێنی بەردەوام بە لەسەر قسەکانی خۆت و لە پشتتەوە مامۆستا سەلاحەدین بەهائەدینی ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی...